چیرۆک



نیهاد جامی

# گیتار



«پیاوێک لە ناو سرووتی گۆشەگیریی بەدیار سووتانی مۆمێکەوە دانیشتووە، دەنگی گیتار بەرەو قووڵایی مۆمەکەی دەبات، بەشێوەیەک دەدوێت کە تووشی بێهۆشی هاتبێت، نازانێ ئاراستەی قسەکانی بۆ کوێیە»

پێشکێشە بە هونەرمەند
شەهیدی عەشق کاروان
عوسمان

گـەڕان بەدوای زەوییـەکی ئارام خـەونێکە لـە ئەزەلەوە بـەخـۆیەوە خـەریکم دەکـات "لە قـووڵایی ژوورەکـە دەڕوانێت، وەک ئەوەی کـەسـێک لەوێ هەبێت" کـێـشـوەرێک هەیە لە هەسـارەیەکی دوور "بەسـەر پشت پاڵ دەکەوێت، تۆنی دەنگی هێمن دەبێـتـەوە تا بتـوانێ تێکەڵی دەنگی گیتارەکەی بکات" خـانوویەکی دارینە و کێڵگەیەک و گیتـارێک تەلەکانی لە چاوەڕوانـی ژەنینی گـۆرانـیـیـەکی تەواو نەکـراودایە، لەوێ کـیلۆنی ئاوەکـە دەکـەمـەوە، روخساری ژنێک لە ئاوەکەدایە "دەبێتە ژنی ناو ئاوەکە، بەدەنگێکی ئەفسووناوی دەدوێت" ئێرە کێشوەری ئارامییە، هەوڵدە ئارامبی "شێوەی جوولەکردنی دەیگەڕێنێتەوە بۆ کەسێتی خۆی" ئەو خـولیایە گەورە دەبێ و شکستـەکانم ژمـارەیان زیاد دەکات، دەبم بەسـەمـازانی باڵێ  وجەسـتەم شکستەکان بەسەما دەخات، دەنگی گیتاری خانووە دارینەکە پەنجـەکانم دەجووڵێنێ، لەسەر نووکی قاچەکانم بیر لە تفەنگ بەدەستەکان دەکەمەوە، جـەستەم لەسەر ئاوازی "ئەو مرۆڤە وەک تۆ ژیانی پێخۆشە"(١) تفـەنگ دەخاتە ژێر قاچم و تەلی گیتـارەکە دەکەوێتە گەردنی تفەنگ بەدەستەکەو کچی ناو ئاوەکە بەجووتێک پێڵاوی بۆربەڕینەوە خێرا بەبەردەمم تێ دەپەڕێت "دەیەوێ دوای بکەوێ .. دواتر لـەپڕ لە شـوێنـی خـۆی دەوەسـتـێ" چەپڵەی بینەران لە شوێنی خۆی دەمهێڵنەوە، چاو بەهۆڵەکە دەگێڕم تا بزانم کێن ئەوانەی بۆ سـەیرکـردنـی هونەرەکـەم هاتوون "وا دەنوێنێ کـە دەیەوێ بینەرەکـانی بناسـێـتـەوە" روخـسـاری ئامـادەبووان رامـدەچڵـەکـێنێ "ماوەیەک بێـدەنگ دەبێت تاوەکـو بینـەرێک دەناسـێـتـەوە" باوکم! باوە! ئەو چەندین سـاڵە مـردووە! ئەی ئەوانی تر کـێن؟ من قـەت چاوەڕوانی ئەوانە نەبووم جـەلیل قـەیسی، سـەروەت سـەوز، ئیبراهیم چێوار "باری دەروونی تەواو شڵـەژاوە" ئێوە چەندین سـاڵە مردوون، چی ئێوەی هێنـایە ئێرە "جـەلیل قـەیسی لێی هاتووەتە پێشەوە" زۆر سـوپاس مـامۆسـتا جـەلیل قەیسـی، سوپاس بۆ ئەو دیارییەش، یەک دەقە بەیارمـەتیت با ئەو چەپکە گوڵە لە باوکم وەرگرم. دەستت مـاچ دەکەم باوکـە.. سوپاس خوا بۆ ئێمەت بێڵێ.. باشە لە مـاڵەوە یەک ئەبینین "دەگەڕێتەوە بۆ لای جەلیل قەیسی" بەڵێ مـامۆسـتـا جەلیل  ئەو کتێبە کۆمـەڵە چیرۆکی جـەنابتـە و کراوە بەسویدی دڵنیـام "بەتەنیـا مـاوەتەوە و هـەست دەکات بینەران لە هـۆڵەکە رۆیشتـوون" من هـیچ زمـانێکی بیـانی نازانم، نەمدەزانی ئەو دیارییە مانای چی بوو، تا لاپەڕەکانیم هەڵدایەوە و دەستنووسێکی کۆنی لە ناو بوو، بەخـەتی فـارسی نووسرابـوو "لە کاتی خـوێندنەوەی نامـەکە لە رێگەی مۆمەکانەوە بینراوی گۆڕسـتان دروست دەکات" گۆڕسـتان ئارامـترین شـوێنە، داهێنەران لەوێ ئارامن، گرفتیـان لەگەڵ قێزەونییەکانی ئەم دنیـایە نییە، کاتێ ئەم نامـەیە دەگاتە تۆ، من چەندین

قەرنە خۆم کوشتووە، ئەگەر لە نهێنی ئەم نامەیە گەیشتی یاخۆت دەکوژیت یا ئەوەتە شارێکی خەیاڵی ژیانت ئەشێوێنێ.. ئیمزا ژیل دۆلۆز "دوای نامەکە بەدوای پاکانە دەگەڕێت تا بەقسەی نامەکە نەکات" خەون.. خەون نایەڵێ بیر لە خۆکوشتن بکەمەوە، خەون پێم دەڵێ: تا چەند ساڵی تر خەون دواخە، ئەوە وای کرد تا ئێستا سێ جار ژن بێنم، هیچ یەک لە ژنەکان نەیدەتوانی لەگەڵمدا بەردەوام بن، ژنەکان بەپیاوێکی تاریکیان دەبینیم، ئەو شەوەی ژنی سێیەمم هەڵهات، بەر لە خەوتن لە ناو نوێنەکە پێی وتم: لەحزەیەک نییە قسە بکەیت و لە قسەکانت نەترسم، من لێت دەترسم، تۆ دڕندەی، بەڵام گوناهیشی "دەگەڕێتەوە بۆ کەسێتی خۆی" کاتێ لە ناو نوێنەکەم بەئاگا هاتم بینیم ژنەکەم لە ناو نوێن نەماوە، سوپاسی خوام کرد کە ئەویش بەجێی هێشتم. "بێتاقەت دیارە و دەیەوێ بخەوێت، دەنگی گیتارەکە بەرزبووەتەوە، بەئاگا هاتووەتەوە، بەڵام هێشتا هەڵنەستاوە لەگەڵ مۆمێک دەدوێت" ئەی مۆمەکە تۆ لە دواین ساتەکانی تەمەنتدا دەسووتێی، سووتانی ماڵئاوایی "هەر بەپاڵکەوتنەوە مۆمەکە بەرز دەکاتەوە، ئاوی گەرمی مۆمەکە دەرژێتە سەر زەوی، لە ئاوی مۆمەکەوە وێنەیەک دەبینێ، خێرا دای دەنێتە سەر زەوی، بەدیارییەوە هەڵدەکورمێ، هەر دە پەنجەی بەرەو هەردوو چاوی دەبات بۆ دڵنیابوون لە وێنەکە" ئەوە خۆمم.. لەوێ چی دەکەم، ئەوە چییە من ژنی چوارەمم هێناوە، بوومەتە دەرهێنەری شانۆیی، ئەی ئەم کۆمەڵە چەکدارە چییە لە بەردەرگەی ماڵمان، شانۆکار و حیمایە وتراوە؟ ژنەکەم دەڵێی چی؟ "دەنگی ژنەکە لە ناو مۆمەکەدایە" ئەوانە بۆ کوشتنی من هاتوون. ژنەکەم هەمیشە خەریکی گۆزە دروستکردنی پەیکەری دوو عاشقە لە باخچەیەکدا، دەست لە دوو عاشقی باخچەکە هەڵدەگرێت و پێم دەڵێ: ئەوە رۆیشتن، با راکەین بەرلەوەی ئەوان بگەڕێنەوە ئەوان دەیانەوێ تۆ بکوژن. رامان کردە سەر شەقام، لە شەقامێکی تاریکدا ژنەکەم لێ ون بوو، لە ناو تاریکیدا دەڕۆیشتم.. یادی ماڵەکەمانم دەکردەوە.. یادی هاوڕێ ئەکتەرەکانم.. یادی ئێوارانی سفرەی حیکایەت، ئەو رۆژەی فری[٢] بەسەرخۆشی خۆی کرد بەماڵەوە، درەختێکی جەژنی لەدایکبوونی پڕ لە سێوی سووری بۆ هێناین. کەچی ئەم ئێوارەیە کۆڵان رەنگەکانی وشکی کرد، رەنگی رەش هات.. رەنگی تاریکی، لە ناو ماشێنێکی جام تاریک تفەنگێک هات تا گۆزەیەکی ماڵەکەمان بشکێنێ، هاتبوون بەبەرچاوی ئۆفیلیاوە هاملێت[٣] لەسەر قەڵا بسووتێنن.. نەیەڵن یوسف لە ناو قەیسەری بە زولێخا بگات[٤] ئەوان هەمیشە دەیانەوێ ئۆدیب بەکوێری بمێنێتەوە، تا کوڕەکانم لە ناو قشڵە هەر چاوەڕوانی گۆدۆ بن. ئەو شەوە جلوبەرگێکی کوردی راومانی دەنا.. جامانەی سیخوڕێکی ناو بیابانە لماوییەکان

هەرەشـــەی تکانی ئابڕووی ژنێکی دەکــرد، تفـــەنگێکی جـــەللاد نیــشــانـەی دەگــرتە کتێبخـانەکەمان، دەستی خوێناوی شوفێری زیلێک لەو شـەقامـە من و تۆی لەیەک ون کرد، ڕۆژ نەدەبووەوە ژیان هەر تاریک بوو، لە هۆڵی سینەما دەچوو، هەموومان بەپلیتەوە بەرەو تاریکی دەچین.. کە گلۆپێکیش دابگیرسێت هاوارمان لێ بەرز دەبێتەوە بۆ کووژانەوەی.. لە قاوەخـانەیەک دانیـشتـبووم، لە کـەناڵێکی تی ڤی مـەسـجـەکـانی خوارەوەم دەخـوێندەوە، دڵنیابووم لەوەی هاوسەرەکەم ماوە، لە مەسجەکە نووسیبووی: لەگۆزەیەکی سیرامیکەوە بۆ شانۆیەکی ئەزموونگەری، هەر ئەمشـەو چی جوولە و دەنگ و ئاگر هەیە بەجێی بێڵە، ئێمە قووڕە چینییەکانمان لە خانووەکەی ڕەحیماوە بەجێ هێشت. بیرم دەکەوێتەوە چۆن دڵی شەقامێک لەیەکی ون کردین "لە مۆمەکە ورد دەبێتەوە" بەباشی بۆم نابینرێ هەر لە جامی ماشێنێک دەچێت کە باران بەخوڕ لێی دەدات "هەر بەدانیشتنەوە سەر بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە" خوایە کوا کۆبوونەوەی سفرەی ئێواران، ئێوارانی هێشتا تفەنگەکان نەهاتبوون "مۆمەکە دەکوژێتەوە" بەکوژانەوەی مۆمەکە.. ژیانی ناو مۆمەکە تاریک داهات.. دەبێ لەو تاریکییە بێمە دەرەوە "هەڵدەستێتەوە و دەڕوات وا نیشان دەدات ژنی ناو ئاوەکەی بینیوە" ئەوەتە ژنی خانووە دارینەکە بانگم دەکات.. مەڕۆ ون مەبە لێم "خەون دەبینێت" سەما بکە ئەو دەمەی لەبەر باران گیتارت بۆ دەژەنم "هەموو شتێک تاریکە ماوەیەک بێدەنگ دەبێت" زەوی سووتاوە.. ئاسمان بووەتە پارچەیەک ڕەشایی.. نەخانوو بوونی هەیە.. نەژن.. نەمن.. نەگیتار "لە ناو ئەو تاریکییەدا مۆمێک دادەگیرسێنێ، بۆ ئەوەی کەس نەیناسێتەوە خۆی لە ناو قووماشی سپی شاردووەتەوە بەناو بینەران تێ دەپەڕێ و ئەو دێرە دەڵێتەوە: لە پاش ئێمە هیچ نەماوە جگە لە ئێسقانەکانمان، پێکەنینەکان لاڵ دەبن، گەنجەکان دەبنە گاڵتەجار(٥)

**پەراوێزەکان**

(١) ئاماژەیە بۆ گۆرانییەکی کاروان عوسمان

(٢) مەبەست هاوڕێی شانۆکار فریاد ئەحمەد

(٣) ئاماژەیە بۆ شانۆگەری هاملێتی کەرکووک

(٤) ئاماژەیە بۆ شانۆگەری زولێخا لە خەونی یوسفدا

(٥) ئەوە رستەیەکی نووسەری پۆڵەندی تاداووش بۆرسکی